# ئەگەر ئەمریکا ڕاست دەکا . .

## نورەدین سەعید وەیسی

هەر هۆیەك لەپشتییەوە بێ، ئەمریکا کارێکی فرەخاس دەکا کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەعیراقدا بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر فشاردەخاتە سەر ئێران وکۆمەڵێك وڵاتی عەرەبی تا دەست بەریفۆرمی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی بکەن وئەو تەوقە ئاسنینە بشکێنن کە بەدەوری هاوڵاتییەکانیاندا کێشاویانە، لێوەختێك ئەم فشارانە زیاتر مایەی دەستخۆشین کە ئەمریکا بە دیموکراسییەتی درۆینەی یەکێك لە سەرکوتکەرترین ڕژێمەکانی ناوچەکە کە تورکیای هاوپەیمانییێتی خۆیو خەڵکی هەڵنەفریوێنێ، چونکە دیموکراسیتورکیا وەك چاوشینی ژنە هونەرمەندەکانی ساختەیەو هەفتا ساڵە سیاسەتێکی شۆڤینیستانە دەرهەق بەنەتەوەی کورد بەڕێوە دەباو تا هەنووکەش ڕەوشی ئاوارتەونائاسایی لەشاروشارۆچکەو دێهاتەکانی باکووری کوردستان درێژەی هەیەو پۆلیس و جەندرمەیەکی ترك ببڕو بکوژ خۆیەتی.

نزیکەی دووساڵ لەمەوبەر سەرکردایەتی KADEK دەستی بەکۆمەڵێك ریفۆرم کردو هەنووکە لەجیاتی خەباتی چەکداری، خەباتی سیاسیو میدیایی خستۆتە سەرووی ئەجێنداکانییەوە، لەوەش واوەترولەپێناو ڕۆڵگێڕانێکی کارا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەتورکیا، KADEK بەرهەڤی خۆی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا دەربڕیوە، بەپێچەوانەوە ڕژێمی تورکیا تۆسقاڵێك وازی لە سیاسەتە شۆڤێنیستەکانی نەهێناوەودان بەکەمترین مافی کورد نانێ، کەچی تا هەنووکەش واشنتۆن، KADEK نەك تورکیا بەتیرۆریست دەزانێ، لەکاتێکدا تورکیا لەشەڕی ئەمریکا دژیڕژێمی سەدام حوسێن بەئاشکرا دژایەتی خۆی نیشانداو هیچ ئاسانکارییەکی ئەوتۆشی بەئاراستەیسەرخستنی پرۆسەیگۆڕانکاری لەعیراقدا نەکرد، چونکە ئومێدی کرانەوەیەکی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی لەناوچەکەدا لێدەکرێ، لەبەرامبەردا KADEK پێشوازییەکی گەرمی لە ڕووخانی ڕژێمی بەعسی ئێراق کرد.

هەربۆیەش ئەگەر ئەمریکا بەجیدی ئاشتی وتەناهی ناوچەکەی گەرەکەو دەیەوێ ڕەگەکانی تیرۆرتیرۆریستی لەو دەڤەرە ستراتیژییەدا ریشەکێش بکا، دەبێ لە تورکیاوە دەست پێبکا وناچاری بکا واز لەسیاسەتەرەگەزپەرستییەکانی دەرهەق بەکورد بهێنێ ودەروویەك بەرووی پتر **لە** 20 ملیۆن کوردی مافخوراوی باکووری کوردستان وتورکیابکاتەوەو بەڕێز ( ( عەبدوڵلا ئۆجەلان) ) یش ئازاد بکا کە بەشایەتی دادگایئەورووپای مافەکانی مرۆڤ دادگاییکردنەکەی زۆر نادادپەروەرانەبوو، ئەگینا هەقی خۆمانە هەزارویەك نیشانەی پرسیارو سەرسوڕمان لەبەرامبەر درووشم وویست وخواستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دابنێین. . .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.